کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 22:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## جیاوازی نێوان دەرهێنانی ڕۆح و مۆڵەت ... کوڕەکەی بلە سواڵکەر

برادەرێکم لەهەندەران هاتبۆوە گێڕایەوە چۆن لەوی مۆڵەتی دەرهێناوە. بەڕاستی زۆرم بەلاوە سەیر بوو و نایشارمەوە کەلە ناخەوە حەسوودیم پی دەبرد کە پاشماوەی ژیانی لە وولاتێکی وا پێشکەوتوودا دەباتە سەر.. دیارە لەوی هەموو شتی مل کەچی کۆمەڵی یاساو ڕێنمایی توندوتۆڵە و کەس ناتوانی لە هیچ بوارێکدا مافی کەسی تر بخوات.. لە وولاتەکەی ئێمەشدا و ئـــــاخ لە وولاتەکەی ئێمە. بۆ ئەوەی بچی پارەی ئاو و کارەباش بدەی دەبی واستەت هەبی دەنا لێت وەرناگرن و ئاو و کارەباکەت دەبڕن.. لێرە هەموو شتی تێکەڵاوی هەموو شتی بووە.. هەموو شتی پەیوەندی بەهەموو شتێکەوە هەیە.. من هاووڵاتییەکی سادەم کە قەدەر کردوومی بە تووش ئەم نیشتیمانەوە.. وەك هەموو لاوێك حەزم دەکرد مۆڵەتی شۆفێریم هەبی ووتم بەڵکە لە فەرمانگەیەك بە شۆفێر دابمەزرێم و یارمەتییەکی دایکە هەژار و باوکە پەککەوتەکەم بدەم بۆیە هەوڵم دا لەڕێی یاساوە مۆڵەتی شۆفێری بەدەست بهێنم.. خوا ئەیزانی بەو سەرەوە کە ئیستا ئەم بابەتە دەنووسم چواردە مانگ تێپەڕیووە بەسەر ئەو ڕۆژەدا کە بۆ یەکەم جار کوڕاسەم وەرگرت بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری.. بەتەنها چاوەنواڕیم بۆ سەرەی پشکنینی چاو زیاتر لەشەش مانگی ڕەبەقی پێچوو.. دواتر خرامە سەرەوە بۆ ئەوەی لە نووسینگەیەك وەربگیرێم ئەوەش چوار مانگی پێچوو.. دواتر کە ناوم هاتەوە لە نووسینگە دووسەدو پێنج هەزار دیناریان لی وەرگرتم کە نیوەی هی دایکم بوو و بە نان کردن و بەرگدروین پەیدای کردبوو... لە جیاتی سەعاتێك نیو سەعات شۆفێریمان دەکرد و هیچ شیوازێکی هونەریش بەکار نەدەهات.. لەگەڵ چەند برادەرێکدا چووین سکاڵا بکەین لەوەی ئێمە پێشەکی هەموو پارەکەمان لی وەرگیراوە و وەکو پێویستیش وانەی تیۆری و پراکتیکی وەرناگرین. بەڵام بەداخەوە گوێیان لی نەگرتین و بگرە هەڕەشەی ئەوەیان لی کردین کە دەمانخەنە سەرەیەکی ترەوە.. هیچ گوومان لەوەدا نەبوو کە بەڕێوبەر و خاوەنی نووسینگەکە هاوڕێن شەریکن هەموو شتێکن.. بەڵی نووسینگەکە هێندە پاڵەپەستۆی لەسەر بوو کە ئەبوو بە واستە و لەڕێی دەلاڵەوە ناونوس بکرێی تاکو پارەکە هەمووی بدەیت و وەرتبگرن.. دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی هەمووی ڕواڵەتە و پەیوەندی بە کارایی و ماندوو بوونەوە نیە.. خەڵك هەبوو نەیدەزانی جیاوازی نێوان پستۆن و کۆفی ئەنان چیە و دەریش دەچوو.. بەکوورتیەکەی ئەمە شتێکی شاراوە نیە و هەمووی لەڕێگەی دەلاڵەکانی بەشی مۆڵەتەوە ساز دەکرا.. منی داماو کوڕەکەی بلە سواڵکەر نە پارەی دەلاڵم هەبوو نە بەڕێوبەریشم دەناسی بۆیە زۆر جار بەسەرەی خۆشم تاقیکردنەوەیان نەدەکردم.. یەکەم تاقیکردنەوە دەرنەچووم ئیستا سەرەی دووەم تاقیکردنەوەم خوا دەیزانی کەی دێت.. هەموو جارێکیش پانزە هەزار دینارمان بۆ هەر تاقیکردنەوەیەك لی دەسەنن.. وا چواردەمانگ تێپەڕی و کوڕەکەی بلە سواڵکەر هەر کوڕەکەی بلە سواڵکەرە و هێشتا گیرفانی هەر خەون بە مۆڵەتەوە دەبینی.. بۆیە من پێم وایە جیاوازییەکی ئەوتۆ نیە لەنێوان دەرهێنانی مۆڵەت و ڕۆحی مرۆڤدا لەسایەیی ئەم سیستەمە گەندەڵە و پڕ کەلێن و بۆشاییەیی پەیڕەو دەکری.. لە کۆتایدا داواکارم لە کوردستان نیتی بەڕێز ئەم بابەتەم بۆ بڵاو بکاتەوە دەنا ئەو پارەیەیی دەبی بیدەم بە خاوەنی هۆڵی ئنتەرنێتەکە ئەویش وەك پارەی مۆڵەتەکەم دەفەوتی.. لەگەڵ ڕێزمدا...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.